كوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەكی ئەلكترۆنی ڕۆژانەی كشتی سەربەخۆی كوردییە
www.kurdistannet.org
24-2-2007 17:02 بەكاتی ناوەندی ئەوروپا

## كۆتایی ئەو زۆردارەی كە بەئاگروئاسن حوكمی دەركردو ئیسپانیای كردبووە زیندانێكی مەزن ... جمال مەلاقەرە

لەوەتەی ژیانی زۆردارانی مێژوو دەخوێنمەوە، دەیان پرسیار لەسەر لۆجیكی (مەنتیق) ئەم زۆردارانە لە مێشكمدا پەنگ دەخۆنەوە. ئەوانە بەلێشاو فرمان و یاسا لە پێناو بەردەوام بوونی كورسیەكانیان دەردەكەن، هەروەك ئەوەبێ كەنەزانن ئەوانیش هەردەبێ بمرن، هیچ پەندێك لە دەرسەكانی مێژوو وەرناگرن تا ڕووبەڕووی واقیعێكی جەرگ بڕ نەبنەوە!!!!!

یەكێكی تر لەو زۆردارانەی كە مێژووەكەی وای لێكردم هەڵوەستەیەكی لەبەرامبەردا بكەم ژەنەراڵ فرانكۆ بوو، فرانكۆ حوكمی ئیسپانیای لە ساڵی 1939 تا ساڵی 1975 كردووە ولەپاش خۆشی وەسیەتی دانانی خوان كارلۆس كردووە!!!

فرانكۆ لە ساڵی 1892 لە شاری " لاكورونا " لەدایك بووە و ناوی تەواوی خۆی فرانشیسكۆ فرانكۆ بەهامۆند بوو، كۆلێژی جەنگی شاهنشایەتی تەواو كرد وساڵی1925 بووە بچوكترین ژەنەراڵی سوپای ئیسپانیا. لەبەردڵ ڕەقی لە ناوسوپا، ساڵی 1934 بۆ كپ كردنەوەی شۆڕشی كرێكارانی كانەكانی ئەستوریا هەڵدەبژێردرێ و بەئەوپەڕی دورندەیی‌وكوشتارێكی زۆر كپیان دەكاتەوە.

فرانكۆ بەیارمەتی هەریەك لە ئەلمانیای نازی و ئیتالتای فاشی ڕۆڵێكی گەورەی لە شەڕی ناوەخۆی ئیسپانیا بینی. بەگوێرەی مێژوو نوس د. وێلز، حكومەتی كۆماری لە مەدرید، لە هاوینی ساڵی 1936بەهۆی ململانێ یەكانی لە گەڵ هێزە نیشتمانیەكان وكۆمەنیستە توندڕەوەكان لاواز ببوو، ئا لەم كاتەدا ژەنەراڵ فرانكۆ هەلەكە دەقۆزێتەوەو سەركردایەتی یاخیبونی سەربازە مەراكیشیەكان دەكا و یارمەتی نهێنیلە هەریەك لە هێتلەرو مۆسۆلینی بەدەست دەهێنێ، پاش دوو ساڵ لە شەڕێكی خوێناوی، بەهۆی پشتیوانی كۆمەلانی خەڵك لە حكومەتی كۆماری، مە درید توانی یاخیبونەكە كپ بكاتەوە.

جێ ی باسە كە بڵێین، لەم شەڕە زۆرترین ژمارەی ژن و منال بوونە قوربانی بەهۆی تۆپبارانی بەردەوامی دووساڵەی شارەكان لە لایەن هێزەكانی فرانكۆوە. سەرەڕای درێژی شەڕەكەو دەست تێوەردانی ئاشكرای ئەلمانیاو ئیتالیا. بەفەرمی (بەڕەسمی) شەڕ لە هیچ لایەكیانەوە ڕانەگەیەنرا، واتە لەڕووی ڕەسمیاتەوە هەردوو وولات لە بارێكی ئاشتی دابوون لە گەڵ ئیسپانیا و بەفیعلیش لە شەڕ.

فرانكۆ پاش دۆڕاندنی سەركردایەتی یاخیبونە سەربازیە مەراكیشیەكان، ئەمجارە دەكەوێتە سەركردایەتی كردنی سوپای سۆسیالیستەكان (لەكاتی شەڕی ناوەخۆ) نازناوی كۆریللۆ (سەرۆك) بۆ خۆی هەڵدەبژێرێ و سەركەوتن بەدەست دێنێ.

لە كاتی هەڵگیرسانی شەڕی جیهانی دووەم، ئیسپانیا بەفەرمی بێ لایەن وەستا و بە فیعلیش فرانكۆ یارمەتی ئەلمانیا و ئیتالیایی دەدا.

ئەم گەوجەش وەك هەموو دیكتاتۆرە گەندەڵ و گەوجەكانی تر، كەوتە سوكایەتی پێ كردنی میللەت و بەهیچ نەزانینی. بەكەیفی خۆی ئەندام پەرلەمانی (كارتز) دادەنا، وەك دیكۆر دەبوایە زورناژەنی فرانكۆ بن ئەگینا ڕەوانەی زیندانە پڕەكانی ئیسپانیا دەكران. بەدرێژایی حوكمی فرانكۆ، ئیسپانیا لە ژێر باری نائاساییدا بوو (الحكام العرفیە) و خەڵك ڕووبەڕووی دادگا سەربازیەكان دەكرانەوە. دیكتاتۆری گەندەڵ تەنها باوەڕی بە بەردەوامی حوكمی خۆی و بنەماڵەكەی هەیەوهیچی تر، هەربەوپێودانگەش دەبینین، فرانكۆی سۆسیالیزم لە پێناو كورسیەكەی خۆی لەبەرئەمەریكا دەپاڕێتەوە تا بنكەیەكی سەربازی لە ئیسپانیا دابنێ!!!

ئەم خەونەی فرانكۆش لە 26 ئەیلولی 1953بە دامەزراندنی چەند بنكەیەكی دەریایی و ئاسمانی ئەمەریكی لە سەر خاك و ئاوی ئیسپانیا هاتەدی، لە بەرامبەریشدا ئەویش یارمەتی سەربازی و ئابوری ئەمەریكای بەدەست هێنا بۆ درێژەپێدانی حوكمە زۆردارەكەی خۆی.

پاش 25 ساڵ لە حوكمی زاڵمانەی فرانكۆ دەستوورێك بۆ وولات دانرا، بەلام پاش پێنج ساڵ لە دەرچونی دەستوور، بەفرمانێكی فرانكۆ خوان كارلۆس دەبێتە شای ئیسپانیا لە پاش مردنی ئەو، واتە دەستوورومەستوور پێچرایەوەو فرمانی دیكتاتۆر جێگای گرتەوە.

ئەو نووسینانەی لە كوردستان نێت دا بڵاودەكرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەكەیەتی كوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
www.kurdistannet.org
24-2-2007 17:02 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

دکتۆر مەحمود متوەلی مێژوو نووس دەنوسێ: لە سەردەمی حوکمی فرانکۆ نیو ملیۆن کەس لە زێدی خۆیان ڕاگوێزرانەوە، زیندانەکان جمەیان دەهات، دووسەدوپەنجا هەزار کەسیش لە سێدارەدران!!!
فرانکۆش وەك هەموو زۆردارێکی تر لە میللەت دابڕاو بە لولەی تفەنگ حوکمی دەکرد، بۆ خۆشی وایدەزانی نیعمەتێکی خواوەندە و بۆ گەلانی ئیسپانیا ڕەوانکراوە. ئەم نیعمەتە زۆر بەکەمی ئیسپانیای جێ دەهێشت نە بادا کۆدێتای بەسەردا بکرێ.
دەربارەی دوا ڕۆژەکانی ژیانی ئەم خوێنڕێژە مەحمود متوەلی دەنوسێ:
فرانکۆ دەسەڵاتی لا لە ئاشتی شیرینتر بوو، شانازی بەهێزی خۆی دەکرد بێ ترسان لە چارەنوسی ودوارۆژ، بەوهیوایەیی هەتا هەتایە لەسەرکورسی حوکم بمێنێ!!! مردنی ڕەتدەکردەوەو تا دوا ساتەکانی ژیانی هەموو شتێکی دەکردە قوربانی دەسەلاتەکەی خۆی. بەڵام سەرەتایی ساڵی 1960 و لەتەمەنی 62 ساڵی نەخۆشی دەبێتە میوانی و لەهەوکردنی ڕیخۆڵەوە بۆی دەست پێدەکا، پاشان خوێنبەری قاچی ڕاستیشی دەگرێتەوە، پانزە دانە ساڵ بە دەم ئازارەوە دەناڵێنێ و بێ ئەوەی بێلێ میللەت بزانێ!!! لە کۆتایی ساڵی 1975 مێشکیشی تووشی ووشك هەڵاتن دێ، دیکتاتۆرئینجا تێدەگا کە ساتەکانی ژیانی بەرەو کۆتایی دەڕوا و دەکەوێتە گریان.
لەڕاستیدا هەموو ئەو تاوانبارو جەلادانەی قارەمانن لە کوشت و بڕ وئازارو ئەشکەنجەدانی خەڵکی بێ تاوان، ئاوا بەو پەڕی نامەردی و بێ غیرەتیەوە، بەگریان پێشوازی لەمەرگ و چارەنوسی خۆیان دەکەن.
لە شانزەی ئۆکتۆبەری 1975نەخۆشیەکانی فرانکۆ تنگەنەفەسیش دێتەپاڵ، بۆیە لە 25 ئۆکتۆبەر دەبرێتە ژووری ئینعاش، پاشان جگەریشی تووشی هەڵایسان دێ و سکی دە ئاوسێ، لەبەردەم ژن و کچەکەی بەهۆی نزیك بوونەوەی مەرگ دەکەوێتە گریان. لە دوا ساتەکان گەدەشی تووشی خوێنبەربوون دەبێ و بەناچاری دەبرێتە ژووری نەشتەرگەری و لەوێ مێشکی بەیەکجاری لەکار دەکەوێ. واتە دەبێتە مردووی سەر بالینگان (مات سریریێ) و لە 20 تشرینی دووەمی 1975 پاش ئازارێکی دوورودرێژ گیانی دەرچوو، ئەمەش چارەنوسی هەموو زۆردارێکی گەندەڵە کە هەتا لە دەستیان دێ لە غەیری زوڵ م و گەندەڵی و چەوساندنەوەی خەڵك زیاتر کارێکیان نیە. . . . . . لە دوا ڕۆژیش نە داروەستە گەندەڵەکانیان و نە جاسوس و ئەڵقە لەگوێ کانیان ناتوانن لە لەعنەتی گەل بیانپارێزن.
فرانکۆ تەواو بوو و بەگریانەوە دونیای بەجێ هێشت، بەڵام ئەوە لە بیر ناکرێ کە زۆردار هەرچەندەی زۆرداربێ و حوکمەکەی خوێناوی تربێ، زیاتر دەبێتە مایەی بلیسە سەندنی ئاگری ئازادی و میللەتیش نابێ نائومێد بێ.
ئەگەر زۆرداری و گەندەڵی نەبونایە، ئازادی لەشەڕەکاندا سەرکەوتنی بەدەست نەدەهێنا، هەر گورزێکی گەندەڵی زۆردار بیوەشێنێ ئازادی بەرەو پێش دەبا، هەرگۆڕێکیش کە زۆرداری گەندەڵی چاوچنۆك بۆ ئازادی خوازانی هەڵبکەندبێ، ئاخیری هەر خۆیانی تێخراون بەدەستی گەل. لە کۆتاییدا دەڵێم هەتا دونیا مابێ زۆردارو گەندەڵ هەردەمێنن، چونکە هەرگیز پەند لە ژێر پێ خستنی سەری گەندەڵان و زۆردارانی پێش خۆیان نابینن.

سەرچاوەکان
زۆردارانی مێژوو د. مەحمود متوەلی
کورتەیەکی مێژووی جیهان دکتۆر ج. وێلز

ئەو نووسینانەی لە کوردستان نێت دا بڵاودەکرێنەوە، بیروبۆچوونی خاوەنەکەیەتی کوردستان نێت لێی بەرپرسیار نییە.